# با ئەم جارە دوور لە میزاجەوە نوێنەر ڕەوانەی بەغدا بکەین ... شۆڕش خالید ئاژگەیی

دانمارک
زانکۆی ئالبۆرگ- بەشی کۆمیۆنیکەیشن Communication



بە پێویستم زانی لە سەرووبەندی قۆناغەکانی بەر لە دامەزراندنی حکوومەتی بنکە فراوانی عێراقی فیدراڵ، هەڵوەستەیەک بکەم لەسەر کارنامەو چالاکی ستافی سیاسەتمەدارو پەرلەمانتارانی دە مانگی ڕابردووی نێردراوی کورد لە بەغدا، ئەو بەڕیزانەی بۆ داکۆکی کردن لە ماف و سەلماندنی بوونی کورد، پشکداری لە پرۆسەی سیاسی عێراقی دوای بەعسیزم و فاشیزم، بوونیاد نانەوەی عێراقی داتەپیو داڕووخاوی دەستی دڕندەکانی بەغدا، گێڕانەوەی هەرێم و ناوچە و شارو لادێ و ئاوەدانیەکانی دابڕاو لە خاکی کوردستان، نەهێشتنی ئاسەوارەتاڵەکانی پرۆسەی بە عەرەب کردنی کوردستان، دەستەبەر کردنی خزمەت گەیاندن و دابین کردنی ئاوو کارەبای زیاتر و پەرەپێدانی دەسەڵات و ڕێژەی پشکی هەرێمی کوردستان لە داهاتی نەتەوەیی عێراق و بەرپەرچ دانەوەو ڕێگە نەدان بەو یاسایانەی ئەگەری بەرتەسەنگ کردنەوەی سنووری هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکەیان هەیە، چوونە بەغدا. جا چ ئەو بە ڕێزانەی لە هەرەمی دەسەڵات دابوون و چ ئە و پەرلەمانتارانەی لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراقدا چەند کورسیەکیان پڕ کردبووە.

بەڵام گەر بە وردی لە کارنامە ی یازدە مانگی ستافی کورد لە بەغدا بڕوانین و ڕۆڵی ئەم بە ڕێزانە لە پایتەختی" عێراقی فیدرال" دا هەڵبسەنگێنین، بۆمان چەند ڕاستیەک دەردەکەوێ کە وا ئەشێ کوردستانیان لە تەکیاندا هەڵوێست بنوێنن. چوونکە هەروەک ئەم جارە بینیمان گەلی کورد لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان بە تەوژم و جۆش و خرۆشێکی نیشتیمان پەروەرانە و هەستی بەرزی نەتەوەییەوە ڕوویان کردە سندووقەکانی دەنگدان و پەیمان و ئەمەکداری خۆیان بۆ کوردستان و نیشتیمانە ئازیزەکەیان تازە کردەوە. بۆ نموونە لە هەندەران ئەم ئامادە باشیەی کوردستانیان بە ڕوونی دەرکەوت کاتێک ڕەوەندی دانەبڕاوی کورد لە کورد و کوردستان لە زۆر شوێندا مەوداوی پتر لە ٧٠٠ کیلۆمەتریان بڕیبوو تا کو بە شداری بکەن لەم هەڵبژاردنە چارەنووس سازەدا. هەڵبژاردنێک کەوا پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانەوە هەبوو سەرەڕای ئەمەش دەبووە هۆیەک بۆ دەرخستنی سەنگی کورد لە عێراقی فیدراڵیدا و چۆنیەتی مسۆگەر کردنی مافی زیاتر و دەسکەوتی فراوانتر.

بە داخەوە لە دە مانگی ڕابردووداو لە قۆناغی دەسەڵاتدارێتی حکوومەتی کاتیی بەغدا پەرلەمەنتارانی کورد، یا ڕوونتر بڵێین نوێنەرانی کورد لە بەغدا، ژمارەیەکی کەمیان لێ دەرچێ، بەڕێزەکانی تر نەیانتوانی ئەو ئەرکە هەستیارو قورسەی گرتبوویانە ئەستۆ، بە چاکی ڕاپەڕێنن و جووڵە و چالاکیەکانیان لە ئاست چاوەڕوانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا نەبووە. بەڵگەش بۆ ئەمە لە وانەیە زۆر بن، لێ لە هەموویان بەرچاوتر بە دواداچوونە بەردەوامەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کاک مەسعود بارزانی و ناردنی شاندی مەکتەبی سیاسی هەردوو پارتی سەرەکی کوردستان بوون بۆ بەغدا، بۆ گفتوگۆو وەبیر

هێنانەوەی خاڵ بە بەندی ئەو پرۆتۆکۆڵەی لە نێوان لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی یەکگرتووی شیعەکان هاتبووە ئیمزا کردن.

بە کورتی دەخوازم لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئاماژە بە چەند لایەنێک بکەم، کە وا پەرلەمەنتاران و سیاسەتمەدارانی کورد نەیانتوانی بە شێوەیەکی ئەرێنی لە بارەیانەوە دەور ببینن.

١- نەبوونی پەیوەندی بەردەوام و لانی کەم مانگانە لە نێوان جەماوەری کوردستان و نوێنەرانی کورد لە بەغدا بە مەبەستی ناسینی زیاتری پەرلەمەنتاران و ئاشنایەتی پەیا کردن لە گەڵ شێوەی کار و ئەو ئاستەنگانەی لەم بارەیەوە دێتە سەر ڕێگایان. چوونکە لە هەموو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسییدا پەرلەمەنتاران ناوە ناوە سەردانی ناوچە جیا جیاکان دەکەن بە مەبەستی گوێ گرتن لە داواکاری و ڕاو بۆ چوونەکانی جەماوەر. ئەو پەرلەمەنتارانەش نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و داخوازیەکانی تەڤی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکەن و لە ژێر هیچ بارو دۆخێکدا لە جەماوەر دانابڕێن و ئەم ئەرکەش، لە کاتی هەڵبژاردندا نەبێت، قەت ناکەوێتە ئەستۆی ئەندامانی سەرکردایەتی و بنکە حزبیەکان.

بە داخەوە ئێستاکە لە کوردستان بەرپرسی لق و مەڵبەند ە حزبیەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، پرۆژەکانی حکوومەت لە شارو شارۆچکە و گوندەکان بەسەر دەکاتەوەو بە گوێرەی میزاجیەوە ئامۆژگاری دامو دەزگاکانی ئیداری و حکوومەت دەکات و ڕێو شوێنی پێویستیان بۆ دادەنێ لە حاڵێکدا دەیان ئەنجوومەنی شارەوانی، ئەنجوومەنی پارێزگا و فەرمانگە لە ئەنجامی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا پێک هێنراون و کارو ئەرکیان دەخرێتە پەراوێزەوەو جۆرە تێکەڵیەک لە کارو ئەرکی حزبی و چالاکیەکانی حکوومەت دروست دەکات. تەنانەت زۆر جاریش ئەندامانی حزب ئەرکی پیاوانی حکوومەت ڕادەپەڕێنن، بێ ئەوەی کەس لێپێچانەوەیان لە تەکدا بکات.

٢- نەبوونی دیدارو ڕاگۆڕینەوە لە نێوان سەرکردایەتی کورد، لە کوردستان و پەلەمەنتارانی بەغدا بە شێوەیەکی بەردەوام و لێڤەکۆلین لە کێشە و ئاستەنگەکان.

٣- دەوامی پچڕ پچڕی سیاسەتمەداران و پەرلەمەنتارانی کورد لە حکوومەتی فیدراڵی بەغداو دەرچوونی زۆر بڕیاری دژ بە بەرژەوەندیە باڵاکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی، پەروەردەیی، ئابووری و خزمەتگوزاریەوە. هەرجارەش" دوای دەرچوونی" بڕیارەکان و ئامادە نەبوونی بەشێکی بەرچاو لە نوێنەرانی کورد لە بەغدا، دەنگی ناڕەزایەتی کورد بەرز بۆتەوە کەوا بۆ چی حکوومەتی "فیدراڵ" تاکڕەوانە مومارەسەی دەسەڵات و حکوومەتداری دەکات.

٤- ئاشکرا نەبوونی ڕۆڵ و پێگەی پەرلەمەنتارانی کورد لە لێژنەکانی سەر بە ئەنجوومەنی نیشتیمانیەوە نەمازە ئەو لێژنانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کاروباری هەرێمایەتی و هەرێمی کوردستانەوە هەبوو.

٥- نەبوونی هەماهەنگی، بە گوێرەی لێدوانی هەندێ بەرپرسی کورد لە بەغدا، لەنێوان پەرلەمانتەرانی کوردو سەرکردەکوردەکانی نێو حکوومەتی فیدڕاڵدا.

٦- بەرزنەکردنەوەی ڕپۆرتی مانگانە بۆ پەرلەمان و سەرکردایەتی کوردستان. ئەگەریش هەبووبێ جەماوەر لێێ بۆ ئاگا بووە.

٧- کز بوون یا نەبوونی پەیوەندی بەردەوام لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا بە مەبەستی تیشک خستنە سەر ئەو پرس گرێکانەی

جێگەی بایەخی كوردستانیەكان و پەرلەمانی كوردستانن، هەرچەندە پەرلەمانی كوردستان و پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ ئەركیان جیاوازەو سنووری دەسەلاتیشیان وەك یەك نیە.

٨- ئاگادار نەكردنەوەی جەماوەری كوردستان لە چالاكی نوێنەرانی كورد لە بەغدا لە لایەن میدیای كوردیەوە بە شێوەیەكی بەرفراوان. ئەگەریش لێرەو لە وێ جار ناجارێك دیمانەیەكی تەلەفزیۆنی یا رۆژنامەگەریی لە گەڵ نوێنەرانی كورد لە بەغدا هاتبێتە بە لاڤ كردن، ئەوە بە وردی تیشك نەخراوەتە سەر كێشەو ئاریشە و ئاستەنگەكانی بەردەم نوێنەرانی كورد، بەڵكو زۆر سەرپێیانە دەربارەی بابەتە پەیوەندیدارەكان گفتوگۆ كراوە و بە هۆی " نەبوونی كات!!!!" و پەخش كردنی كۆمەڵێك گۆرانی هەمەڕەنگی ناهونەری و هەڵپەڕكێ و سەمای كوردەواری و دهۆڵ كوتان و زوڕنا ژەنین و "ڕێكلامی" شامپۆی شۆلدەر"، و " شاری خەونەكان"، نەتوانراوە بابەتەكە مافی تەواوی پێ بدرێ.

سەیریش لەوەدایە كوردستان نهۆ بە قۆناغێكی گەلێك هەستیار و یەكلاكەرەوەدا تێ دەپەڕێ، كەچی كەناڵە ئاسمانیەكانی كوردستان شەوو ڕۆژ كێ بڕكێی ئەوەیانە، كامیان زۆرترین گۆرانی و كلیپی تازە بڵاو دەكاتەوە. گۆرانی و كلیپ و ڕێكلامی شامپۆ بە ئەندازەی خۆی قەیناكا، بەڵام نەك بەم بەربڵاویە و قەوارەیە. با كەناڵەكانی ئاسمانی نەبنە " **Mtv**" ی كوردی (كەناڵی تایبەت بە گۆرانی و سەما) .

بۆیە گەرەكە ئەم جارەیان سەركردایەتی سیاسی كورد و لە سەروویانەوە ئەندامانی لیستی هەڤپەیمانی كوردستان بە وردی دیراسەی ئەو بەڕێزانە بكەن كەوا بە نیازن لە داهاتوودا ڕەوانەی بەغدا بكرێن. چوونكە نواندنی هەر سستی و خاویەك لە لایەن نوێنەرانی كورد لە بەغدا، بە زیان بۆ داهاتووی سیاسی و ئیداری و ئابووری هەرێمی كوردستان دەگەڕێتەوە. چوونكە لەم چوار ساڵەدا، كەوا بە قۆناغێكی گەلێك هەستیار و چارەنووس ساز دهێتە هەژماردن، ئاییندەی هەرێمی كوردستانی فیدراڵ، گێرانەوەی ناوچە بە عەرەب كراوەكان، سەرخستنی مادەی ٥٨، و جێ بە جێ كردنی ئەو مادە دەستووریانەی پەیوەندیان بە داهاتووی كوردستانەوە هەیە، دیاری دەكرێ و بڕیاری یەك لاكەرەوەیان لە بارەوە دەدرێ.

بە واتایەكی تر با ئەم جارەیان ژیری بنوێنین و كۆمەڵێك پەرلەمەنتاری چالاك، ئازا، بە جەرگ و قسە زان ڕەوانەی بەغدا بكەین و دەنگی دەنگدەرانی لیستی ٧٣٠ بە فیڕۆ نەدەین. ئەگینا لە وانەیە لەم چوار ساڵەدا گەلەك گۆهرین لە ئاستی عێراق و هەرێمدا بێنە كرن‌و لە وانەیە نە بەدڵمان بن و نە لە بەرژەوەندیشمان دابن. هەر كەمتەر خەمی و كێماسی نواندنێك لەم بەستێنەیەدا بە نەرێنی و خراپ بۆ سەر ئاییندەی سیاسی هەرێمی كوردستان دەگەرێتەوە و هاندانی جەماوەر و پرووپاگەندە كردن لە خولێكی دیكەی هەڵبژاردن (دوای چوار ساڵی تر) بۆ بەشداری پێ كردنی هەر چی زیاتری دەنگدەر، لەوانەیە كاریگەری پێویستی لێنەكەوێتەوەو دیسان هەڵبژاردن بە كۆمەڵێك كێشە و گرفتی ئیداری، حكوومی و ئابووری ناوخۆی هەرێمی كوردستانەوە ببەسترێتەوەو سەرەنجام بایكۆت بكرێ.